پ١- هۆکارەکانی سەرهەڵدانی جوگرافیای ڕامیاری لە بواری جوگرافیا دیار بکە .

پ٢-ڕۆڵی هەر یەکە لە فەیلەسوفان (هێرۆدۆت . ئەرستۆ) لە بواری جوگرافیای ڕامیاری بخەڕوو .

پ٣- ڕۆڵی جیهانی ئیسلامی لە بواری جوگرافیای ڕامیاری باس بکە .

پ٤-بۆچوونی ڕاتزەل لە بارەی دەوڵەت چی بوو ئاماژەیان پێ بکە .

پ٥- ئەم بۆشاییانەی لای خوارەوە پڕ بکەرەوە :

آ- ئەرستۆ لە بواری جوگرافیای ڕامیاری گرنگی بەم لایەنانە داوە ................. ، ................. ، .................. ، ...................... ، ......................

ب- تایبەتمەندییەکانی چاخەکانی ناوەڕاست بریتیە لە : ...................... ، ....................... .

ج- ڕۆدۆلف کێلین لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم زاراوەی .................... داهێنا .

**د- راتزل زۆر سوودی لە بیروبۆچوونەکانی داروین وەرگرت و توانی بیردۆزەکەی لە سەر شێوازی ..................... جێ بە جێ بکات .**

ە- میتۆدی شیکردنەوەی هێز لەم لایەنانە دەکۆڵێتەوە : ................. ، ..................، .................... ، .................... ، ....................... .

پ٦- پەیوەندی جوگرافیای ڕامیاری بە زانستی ڕامیاری ڕوون بکەرەوە .

پ٧ – میتۆدی یەک بوار چییە ؟ لە پاشان ئەم میتۆدە لە سەر هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکە .

پ٨-پێناسەی هەر یەک لەمانەی لای خوارەوە بکە :

آ-جیۆستراتیج ب- جیۆپۆلیتیک ج- ستراتیج د- میتۆدی وەزیفی

پ٩- قۆناغەکانی گەشەکردنی جیۆپۆلیتیک بخەڕوو .

پ١٠ – گرنگی جیۆپۆلیتیک باس بکە .

پ١١ – بە خشتەیەک جیاوازی نێوان جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلیتیک دیار بکە .

پ١٢- پێناسەی ستراتیج بکە و لە پاشان مەرجەکانی داڕشتنی ستراتیج بخەڕوو ، ئینجا جۆرەکانی ستراتیج دیار بکە .

پ١٣- هۆی ئەمانەی لای خوارەوە بڵێ :

آ- مەرج نیە هەموو دەوڵەتێ بە گشت قۆناغەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردن دا تێپەڕێت .

ب- دوای جەنگی جیهانی دووەم جیۆپۆڵیتیک چووە قۆناغی کشانەوە و خامۆشی .

ج- دەوڵەتانی داخراو دەکەونە بەر ڕەحمەتی دەوڵەتانی دراوسێیان .

پ١٤ – پێناسەی دەوڵەت بکە و لە پاشان بنچینە سەرەکییەکانی دامەزراندنی بخەڕوو ، ئینجا قۆناغەکانی ژیانی دەوڵەت باس بکە .

پ١٥ – شوێن بە بنەمایەکی سروشتی دەوڵەت دادەنرێت ، لەمڕووەوە گرنگی شوێنی جوگرافی دەوڵەت بە خاڵ ئاماژە پێ بدە ، ئینجا لایەنە باش و خراپەکانی شوێنی جوگرافی بە گوێرەی ئاو و وشکانی ڕوون بکەرەوە .

پ١٦ – گرنگی هەڵکەوتنی شوێنی دەریایی دەوڵەت چییە ، ئاماژەیان پێ بکە .

پ١٧ – مەبەست لە شوێنی ستراتیجی دەوڵەت چییە ؟ جۆرەکانی کامانەنن .

پ١٨- پێناسەی ئەمانەی لای خوارەوە بکە :

آ- دەوڵەتانی داخراو ب- دەوڵەتە بەربەستەکان

پ١٩ – هۆی ئەمانەی لای خوارەوە بڵێ :

آ- باشترین شوێنی دەوڵەت ئەوەیە کەوا دراوسێی نەبێت .

ب- بوونی ئەو تەنگە و گەروو و کەناڵە ئاوییانەی لە دەریاکان دان بەهایەکی ستراتیجیان هەیە .

پ٢٠- بە هێڵکارییەوە باس لە کاریگەری ڕووبەر لە سەر هێزی دەوڵەت بکە .

پ٢١- مەبەست لە ڕووبەری دەوڵەت چییە ؟ گرنگییەکەی ڕوون بکەرەوە .

پ٢٢- شێوەی دەوڵەت چییە ؟ کاریگەرییەکەی لە سەر دەوڵەت بخەڕوو ، لە پاشان بە وێنەوە باس لە شێوە پێکەوەییەکان(نموونەییەکان) بکە .

پ٢٣-تایبەتمەندییەکانی ئەو دەوڵەتانەی شێوەیان پارچە پارچەیە دیار بکە ، کاریگەرییان لە سەر هێزی دەوڵەت ڕوون بکەرەوە .

پ٢٤-مەبەست لە پۆرگی سیاسی چییە ؟ جۆرەکانی کامانەنن ؟کاریگەرییان لە سەر هێزی دەوڵەت دیار بکە .

پ٢٥- لایەنە باش و خراپەکانی ژینگەی دەشتایی لە سەر هێز و پێگەی دەوڵەت بخەڕوو .

پ٢٦- ژینگەیی چیایی کاریگەرییەکی گرنگی لە سەر سەنگ و هێزی دەوڵەت هەیە لەمڕووەوە لایەنە باش و خراپەکانی کامانەنن بە نموونەوە باسی بکە .

پ٢٧-دەرامەتی کانزا ڕۆڵێکی گرنگی بۆ دەوڵەتان هەیە و سەنگ و پێگەیەکی بەهێزیان پێ دەبەخشێت ، ئەمە چۆن ڕاڤە دەکەیت .

پ٢٨- پێناسەی هەر یەک لە نەتەوە و گەل بکە و جیاوازییەکانیان دیار بکە .

٢٩-بوونی نەتەوەی جۆراوجۆر لە ناو یەکەیەکی سیاسی دا چ لێکەوتەیەکی دەبێت ، ڕوونی بکەرەوە .

٣٠- پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوان ڕۆڵێکی گرنگی لە بواری ئابوری و سیاسی و سەربازیی دەوڵەتان هەیە ، لەم بارەیەوە کاریگەری هەر یەک لە دەستە تەمەنەکان لە سەر هێزی دەوڵەت باس بکە .

٣١- بە نموونەوە باس لە بوونی فرە ئایینی لە ناو یەکە سیاسییەکان دا بکە .

٣٢- مەبەست لە سنووری چییە ؟ پێناسەی بکە ، لە پاشان ئەرکەکانی سنوور دیار بکە ، ئینجا سنوورەکان چۆن پۆلێن دەکرێن ڕوونی بکەرەوە .

٣٣-باس لە جیاوازی نێوان سنوور و توخوب بکە .

٣٤- قۆناغەکانی دەستنیشانکردنی سنوور باس بکە .

٣٥- یەکێک لە جۆرە سروشتییەکانی سنوور بریتییە لە چیاکان لەمڕووەوە لایەنە باش و خراپەکانی بخەڕوو .

٣٦-مەبەست لە هێڵی تالوگ چییە ؟ چۆن ئەم هێڵە دیار دەکرێت .

٣٧-مەبەست لە ئاویی ئازاد چییە ؟ چۆن دیار دەکرێت بیخەڕوو .

٣٨-ئاویی هەرێمی چۆن دیاری دەکرێت ، ڕوونی بکەرەوە .

٣٩- مەبەست لە هێز چییە ؟ جۆرەکانی هێزی دەوڵەت دەستنیشان بکە ، لە پاشان باس لە تایبەتمەندییەکانی هێزی دەوڵەت بکە .

٤٠- ئاسایشی نەتەوەیی چییە ؟ ڕەگەزەکانی کامانەنن ، لە پاشان پایەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دیار بکە .